کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
27-11-2007 1:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## خۆپیشاندانەکانی هەندەرییەکانی کورد، ریسوابکرێت یان گەشەی پێ بدرێت؟؟ ... سیروان مەحمود –

**هۆڵەندا**

هەندەرییەکانی کورد لە پارچە جیاکانی جیهاندا کۆششیان داوە بۆ پاراستنی سۆزی نەتەوەیی و توکمەکردنی پردی گرێدراو لەگەڵ نیشتمانی دایکدا، هەوڵیان داوە لە رێگای چالاکییە مەدەنییە جۆراو جۆرەکان ببنە هاوکێشەیەکی پۆزەتیفی گرنگ لە پشتگیری و سەرکەوتنی پرۆژەی سیاسی نەتەوەیی هەنوکە و بنیاتنانی بەرنامەی ستراتیژی پەیوەست بە جارەنوسی ئایندەی گەلەکەیان.



ئەو چالاکیانە بەچەند شێوازێك دەربراوە وەك:

کاری میدیای نوێ (بەتایبەتی ئەلکترۆنییەکان)، بەستنی کۆڕو کۆبونەوە، پێکهێنانی کۆمەڵەو ریکخراوەکان، پەیوەندی کردن بە دامودەزگای حکومی و پەرلەمانی وڵاتەکان، ڕێکخستنی بۆنە رۆشەنبیریەکان، یادکردنەوەی روداو و بەسەرهاتەکانی گەلەکەمان، ئەنجامدانی جالاکی هونەری و ئەدەبی، ڕێکخستنی خۆپیشاندان و ریپێوان لە کاتە هەستیارە پێویستەکان و چەندین جالاکی و جموجۆڵی دیکە بەمەبەستی گەیاندنی روی راست و رەوای کێشەی کوردی بەو کۆمەڵگایانەی تیایدا دەژین و لە ئەنجامیشدا هەوڵدان بۆ راکێشانی سەرنج و سۆزیان بەلای دۆسیەی لێڵی کورداو بەدەستهێنانی رێژەیەك لە پشتگیری سیاسی و جەماوەری بۆ کێشە رەواکەی، کەئەمەش لە کۆتایدا دەچیتە خانەی بەشداری کردن لە بنیاتنانی ماڵی کوردی نوێ و پاراستنی تاقیکردنەوەکەی.

زۆر دەوترێت لەسەر خۆپیشاندانەکانی هەندەرییانی کورد! بۆچی بکرێت؟ سودی چییە؟ کێ گوێیان لێ دەگرێت؟ بکرێت یان نا؟...

ئەم پرسیارانە لە زۆر دانیشتن و کۆڕدا دەبێتە باسێکی سەرەکی و زۆر جاریش بەبێ زانیاریەکی باش و لێکدانەوەیەکی واقیعبینانە بەهای ئەو چالاکییانە و کەسایەتیەکانی رسوا دەکرێن و کارەکەش بە بێ نرخ لە قەڵم دەدرێت، هەڵسورێنەرانی ئەم هەڵسەنگاندنە لە دوو چەمکدا دەبینرێنەوە:

یەکەمیان هەڵسەنگاندنی هەندێك رۆشەنبیر و دیدی تایبەتی هەندێ لە سیاسەتمەدار و حیزبیەکانە کە بە بۆچونی ئەوان بریاری سیاسی گرنگ لەسەر ئارەزوی شەقام دەرناچێت بەڵکو لە ژورە تاریکەکاندا دەدرێت، بۆ کاریگەرکردن سەر ئەو بریارانە رێگای دیکە هەیە و نوێنەرایەتی بە تواناتر هەن ئەو ئەرکە بگەیەنن شوێنی خۆی... ئەمان ئەوە لە بیر دەکەن کە ئەو خۆپیشاندانانە پشتگیرییە بۆ کۆششی ئەو هێڵە سیاسییەی دیکە و ئامرازێکی شارستانییە بۆ گەیاندنی دەنگی گشتی بۆ خاوەن بریارە سیاسیەکان و پاڵەپەستۆیەکی بە سودە بۆ هەموو کەیسێك، خۆ ئەگەر وانەبوایە ئەوا کۆمەڵگا مەدەنیەکانیش زۆر لە زووەوە وازیان لەو شێوازە دەربرینە دەنا، خۆ ئەوان نوێنەریان هەیە لە پەرلەمان و حکومەتەکانیان هەڵبژێردراون!... ئامرازەکانی ئەم چەمکە گەر ورتر بروانە مێژوی خۆپیشاندان و ئەو ئاکامانەی لە سایەوەی لێیکەوتوەتەوە ئەوا بێگومان گۆڕانکارییەك بەسەر بۆچونیان دێت.

دووەمیان هەڵسەنگاندنێکی ئارەزومەندانەی خۆییە کە پەیوەستە بە باری تایبەتی رێژەیەك لە کوردانی هەندەری، رونتریش خۆ خۆقوتارکردن و خۆدزینەوەیە لە چالاکی نەتەوەیی و کوردەواری پەیوەست بە چارەنووسی سیاسی گەلەکەیانەوەیە، ئەم چەمکە لە ئەنجامی قولبونەوەیان لە گێژاوی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تایبەتمەندی ژیانی ڕۆژانەیان ئەوا بەهاکانی نەتەوەییان فەرامۆش کردووە و تەنانەت زۆر بە منەتیشەوە بانگێشەی بۆنە ئاساییەکان قبوڵ دەکەن.

ئەوەی نامۆیە و جێی سەرنجی ڕێژەیەکی زۆرە لە کوردستانیانی دەرەوەی وولات، ئەو دەربرینانەیە کە لەسەر زاری دپلۆماتە بە ئەزموونەکانی کورد لە روی ئەم چالاکییە مەدەنییەوە دەوترێت، ئەم دپلۆماتانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە دەرەوەی کوردستان ژیاون و تێکەڵی ئەم کۆمەڵگە مەدەنییانە بوون و لە ڕۆژانی رابردودا خۆیان بانگێشەیان بۆ خۆپیشاندان و رێپێوان کردووە بەڵام ئێستا لە بەهای ئەو چالاکییە مەدەنییە کەم دەکەنەوە و پێیان وایەئامادە بوونی ژمارەی کەمەی کوردان لە خۆپیشاندانەکان مایەی شەرمەزارییە بۆ کورد و نەکرێت باشترە!!، کە ئەمە لەراستیدا خۆ قوتارکردنە لە چونە ژێرباری چارەسەرکردنی کەموکوریەکانە و خۆ دورخستنەوەیە لە دۆزینەوەی رێگای گونجاو بۆ هاندانی خەڵکی بۆ بەشداری زیاتر لەو جۆرە جالاکییە جەماوەرییە و پشتگیری کردنی هەڵسوڕێرانی خۆپیشەندانەکان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا بە شێوازێکی باشتر ئەنجام بدرێت.

ڕۆژی 18- 11 – 2007 لە شاری دەنهاخی هۆڵەندی بەرێز باڵوێزی عێراقی کاك (سیامەند بەنا) کۆڕێکی سازدا و دەبوایە لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان بوایە و بە پلە یەکیش دۆخەکە لەگەڵ تورکیا، ناچمە ناو وردەکاریەکانی باسی کۆڕەکە بەڵام بابەتە سەرەکیەکە کاتێکی زۆر کەمی وەرگرت لە کۆڕەکە و باسەکە بە ئاقارێکی دیکە دەرۆیشت.

بابەتی خۆپیشاندان و بێ بەها کردنی کاریگەرییەکانی، هات و هاواری خەڵك بۆ ئەوەی لە تەلەفزیۆن دەرکەون، بێ بەرنامەیی هەنگاوەکانی، شەرمەزارکردنی ئەنجامەکانی، بێ توانایی لە کۆکردنەوەی خەڵك و کەمکردنەوەی نرخی دەستکەوتەکانی بووە مایەی تاوەتوێیەکی گرژ لە ناو هۆڵەکەداو ڕەوشی کۆڕەکە گۆڕا ولەئەنجامیشدا کۆرەکە ئامانجی بەستنەکەی نەپێکا!.

ئێمە لێرەدا بۆچونی دژ یان لەگەڵ خۆپیشاندان شی ناکەینەوە، ئازادی دەربرین مافێکی ئاساییە بۆ هەموو تاکێك و را بۆچونی جیاوازیش دەمانگەیەنێتە کەشی دیالۆکەوە و هەر بەوەش زیاتر لە یەك نزیکدەبینەوە و شتی باشتریش بەدەست دەهێنین و ئەم باسەش هەر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام هەندێ راستی هەیە پێوەست بەماندووبوون ناکات بۆ بروا هێنان پێی، لەم روانگەیەوە و ئەوەی پەیوەست بێت بە خۆپیشاندان و بایەخی ئەنجامدانی، دەڵێین کار لە خۆ گێل کردن بەهرەمەندترە لەبەر ئەوە شتێک بکرێت گەر گەورەش نەبێت لە بێدەنگی و تەماشاکردنی روداوەکان باشترە، خستنە بەردێك سەر بناغەی دروستکردنی خانوەکە و پینەکردنی درزەکانی لە تەماشاکردن و روخاندنی بە سودترە، بۆیە پشتگیری چالاکی مەدەنی بۆ دەستکەوتی نەتەوەیی لە توانج و سوکایەتی پێکردنی سود بەخشترە، هاوکاری بۆ وەلا کردنی کەموکوریەکانی بەرهەمی باشتری لێ ئەپەکێتەوە بۆ خزمەتی دۆزی ئاڵۆزی گەلەکەمان، درێژکردنی دەستی یارمەتی مرۆیی ولۆژیکی بۆ پشتگیری کاری نەتەوەیی رێکخراوە مەدەنیەکان دور لە بیندۆزەی بەرژەوەندی حزبی ئەنجامێکی سەرکەوتوتر پێکدەهێنێ بۆ گەشەپێدانی کاری ئەو رێکخراوانە و قورساییەکی باشتریان دەبێت لە مەر روداوەکان و کاریگەریشیان سەر رای سیاسی و جەماوەری ئەو وولاتانەی تیایدا دەژین بەهێزتر دەبێت و ئاکامی زۆر باشی لێدەکەوێتەوە بۆ گەیاندنی دەنگی کورد و بەدیهێنانی پشتگیری زیاتر بۆ مافە رەواکانی.

رێکخراوە مەدەنییە کوردستانییە سەربەخۆکانی هەندەریان باش درك بە توانای دارایی و قەبارەی مرۆیی خۆیان دەکەن و دەزانن لە چی ئاستێکدان، واقیعبینانە مامەڵە لەگەڵ بەسەرهات و روداوەکان دەکەن، دۆخی حیزبەکان لە زۆر روداودا هەڵدەسەنگێنن و پێشیان وایە گەر ئەوان ئەو چالاکیانە ئەنجام نەدەن و خۆپیشاندان رێکنەخەن ئەوا حیزبەکان لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەو چالاکیانە ئەنجام

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نادەن، هۆکەشی هەندێ جار رەوایە بە خۆبەستنەوە بە هەڵسەنگاندنی دۆخی سیاسی ناوخۆیی و ئیقلیمی تایبەت و زۆر جاریش نارەوایە لەبەر بێ باکییانە لە ئەنجامدانی ئەو چالاکیە پێویستانە، هەر بۆیە ئەم رێکخراوانە بۆشاییەکی زۆر گەورە پڕدەکەنەوە لەو رووەوە و رەواش وایە پشتگیریان بکرێت نەك سوکایەتی بە کارەکانیان بکرێت.

لە زۆر کەشدائەو خۆپیشاندانانە بەدڵ و ئارەزوی زۆر لایەن بە رێوە ناچێت، ئەوانیش نیگەرانییەکەیان بە شێوازێکی تر دەردەبرن و هەوڵ دەدەن بەهای ئەو کارانە سوك بکەن، نیگەرانیەکەش زیاتر بریتییە لەدەرنەهێنانی خۆپیشاندانەکانە لە ژێر پالە پەستۆی رەنگ و سیمای حیزبییەوەیە، دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە و تاقیکردنەوەی تاڵ هەیە لەو رووەوە، گەر بمانەوێت کاری جەماوەری مەدەنی بۆ ئامانجی نەتەوەیی سەر بگرێت ئەوا دەبێت چالاکی رێکخراوەکان و بەتایبەتیش خۆ پیشاندان دور بێت لە رنگی حیزبی و وێنەی سەرکردەکان، بۆ خۆلادانیش لە هەستیاری زەرەربەخش و نزیکبوونەوەی زیاتر لە هەستی گشتی راستر وایە خۆپیشاندانەکان لە ژێر رەنگەکانی ئاڵای کوردستان و وێنە پەیوەستەکانی رووداوەکان ئەنجام بدرێت.

حوکمدانی پشت نەبەستو بە زانیاری ورد دەرهەق بەو چالاکیانە گوناهێکی گەورەیە لە ئاست ماندو بوون و کارەکانی ئەو رێکخراوانە، لە روی بابەتییەوە خۆپیشاندان کەناڵێکی گرنگە بۆ پاراستن و گەشیپێدانی هەستی نەتەوەیی نێو رەوەندی کوردی، بوارێکە بۆ بەستنەوە و درك کردنی نەوەی نوێ بە دۆخ و روداوەکانی کوردستان، زەمینەیەکی سەرکەوتوە بۆ کۆکردنەوەی هەندەرییان کە بەدڵنیاییەوە بەهۆی قورسی ژیان لە هەندری ئەوا تارادەیەك هێڵەکانی بەیەك بەستنەوەیان کز بووەتەوە و ئەوەش کەشێکی ناتەندروستییە بۆ ئاییندەی ئەم رەوەندە لەدەرەوەی کوردستان هەر بۆیە ئەم خۆپێشاندانانە سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ گەشەپێدانی هوشیاری نەتەوایەتی هاوچەرخ، لەروی پراکتیکیشەوە ئەو خۆپیشاندانانە تەنها هەراو و هوریا نییە، هاوار کردن و دروشم وتنەوە نییە، بەڵکو بە بەرنامە کاری باشی بۆ دەکرێت، یاداشتی پێویست ئامادە دەکرێت و مۆڵەتی چاوپێکەوتن وەردەگێریت و بوێرانە ئەو دەنگە دەگەیەنرێت شوێنی مەبەست و پەیوەندی بە دەزگاکانی راگەیاندن دەکرێت و زۆربەی جاریش باشیان داپۆشیوە و خۆپێشاندانەکانی ئەم دوایەش لەمەر کێشەمان لەگەڵ تورکیا راستی ئەو رستانە دەسەلمێنێت، رێکخراوە سەربەخۆ چالاکەکان لە هەندەریان ئەرکی پێویست زیاد لە قەبارەی تواناکانی خۆیان ئەنجام دەدەن، کاری زۆر بەسودیان بە ئاکام گەیاندووە بۆ خزمەتی دۆزی ئاڵۆزی کورد، پەیوەندی باشیان بە دەزگا سیاسی و پەرلەمانتارەکانەوە هەیە و لە کاتی پێویستدا رەنگی پۆزەتیفی خۆی داوەتەوە و ئەمەش شاراوە نییە چەند بایەخدار و گرنگە... وەلی ئەو راستیەش هەیە کە هیچ کارێك بێ کەموکوری بەرێوە ناچێت، هەمو رێگایەکیش بەربەستەی زۆری دێتە رێ، باشتر وایە هەڵەکان راستکرێنەوە و کەموکوریەکان چاکرێنەوە بۆ ئەوەی کاری سەرکەوتوتر ئەنجام بدرێت و دەستکەوتی باشتریشی لێ بپێکێتەوە... بەم شێوەیە هاوکاری رێکخراوەکان دەکرێت و ئەنجامی کارەکانیشیان بە بەهاتر دەبێت، نەك بە توانج و کەمکردنەوەی نرخی کارەکانیان یان بە ساردکردنەوەی خەڵکی لە چالاکیەکانیان و کپکردنی دەنگی شارستانی خۆپیشاندان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.